حکومەتی هەرێمی کوردستان / عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر

کۆلێژی پەروەردە / بەشی زمانی کوردی

زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر

salahaddin university erbil

# کرانەوەی کلتور لە شیعری نوێی کوردیدا (فایەق بێکەس) بە نمونە

پرۆژەی دەرچوونە پێشکەش بە بەشی (کوردی) کراوە وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس

ئامادەکراوە لەلایەن:

**شیراز نصرالدين بكر**

بەسەرپەرشتی:

**د. ڕێبوار محمد مەلازادە**

**٢٠٢٣-٢٠٢٤**

## پشتگیری و واژووی سەرپەرشتیار

بریارم دا بە پەسەندکردنی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی( کرانەوەی کلتور لە شیعری نوێی کوردیدا فایەق بێکەس بە نمونە) کە ئامادەکراوە لەلایەن قوتابی (شیراز نصرالدین بکر) لە ژێر سەرپەرشتی مندا لە بەشی زمانی کوردی_ کۆلێژی پەروەردە_ زانکۆی سەلاحەددین، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بروانامەی بە کالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی

**واژوی سەرپەرشتیار**

**د. ڕێبوار محمد مەلازادە**

**پێشکەشە بە :**

دایک و باوک و ئەندامانی خێزانەکەم.

سەرجەم هاوڕێیانم لە قۆناغی زانکۆدا.

بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردە لە زنکۆی سەلاحەددین.

مامۆستایانی هەر چوار ساڵی خوێندنم لە زانکۆدا.

**سوپاس پێ زانین بۆ :**

یەزدانی مەزن و دلۆڤان.

مامۆستای سەرپەرشتیارم (د. ڕێبوار محمد مەلازادە)کە هاندەر و پاڵنەرم بوو، بۆتەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە وبەزانیاریەکانی باسەکەمی دەوڵەمەندکرد.

دایک و باوکی ماندوو نەناسم کە هەمیشە یارمەتی دەرم بوون.

سەرجەم ئەو مامۆستایانەی کە لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن هۆکاری فێربوونم  بوون.

خوشکی ئازیزم (کەژاڵ عثمان) زۆر ئەرک و ماندوبونی کێشاو یارمەتی دەرم بوو بۆ تەواوکردنی باسەکەم.

## پوختە

کلتور هەڵگری ناسنامەی نەتەوە و میللەتەکانە، تێروانین و شێوەی هەڵسوکەوتی نەتەوەیەک بۆ تێگەیشتن لە واقعی ژینگەکەی خۆی کە جیای دەکاتەوە لە نەتەوەیەکی تر، کوردستان بە شێوەیەکی گشتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بە درێژایی مێژوو لانکەی چەندەها شارستانیەت بووە، بەپێی سەردەمە جیاوازەکان چەندەها نەتەوە و میللەتی جۆراوجۆر ژیانیان تێدا بەسەر بردووە، بەدواداهاتنی ئەم شارستانیەتەش ویکردووە زەمینەیەکی لەبار دروست ببێت بۆ لەخۆگرتنی هەموو جۆرە جیاوازییەک و دواتریش بەهێزکردنی چەمکی پێکەوە ژیان بێگوێدانە ئەو سیما و سیفەتە جیاوازانەی کە لە نێوانیاندا هەیە، لەگەڵ پێشکەوتنی ژیاندا، ئەم زاراوەیە بڵاوبۆوە و لە بوارە جیاوازەکاندا ڕەنگیدایەوە، یەکێ لەم بوارانە ئەدەبە، ئەدەب ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی ژیانە، نوسەرو شاعیرانیش هەوڵیانداوە باس لە سیماو سودەکانی کلتور بکەن لە ڕێگای شیعرەکانیاندا، لەم توێژینەوەدا سەرەتا هەوڵمان داوە باس لە چەمک و پێناسەکانی کلتور، جۆرەکانی کلتور، ڕەهەندەکانی بکەین بە تایبەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا، لە کۆتایدا لە ڕێگەی نمونە شیعرەکانی فایەق بێکەس دەکەین کە کرانەوەی کلتور لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەشێک لە شیعرەکانیمان خستۆتە ڕوو.

## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **پێشەکی** | ١-٢ |
| **بەشی یەکەم** | ٣ |
| **چەمک و پێناسەی کلتور** | ٤-٥ |
| **ڕەهەندەکانی کلتور.** | ٥-٦-٧-٨ |
| **جۆرەکانی کلتور** | ٨ |
| **کلتوری کراوە.** | ٨-٩ |
| **کلتوری داخراو.** | ٩-١٠-١١ |
| **کرانەوەی کلتور لە شیعری نوێی کوردیدا** | ١١-١٢-١٣ |
| **بەشی دووەم** | ١٤ |
| **کرانەوەی کلتور لە شیعری فایەق بێکەس** | ١٥ |
| **کرانەوەی کلتور لە رووی سیاسییەوە** | ١٥-١٦ |
| **کرانەوەی کلتور لە رووی کۆمەڵایەتی** | ١٦-١٧ |
| **کرانەوەی کلتور لە رووی پەروەردەی** | ١٧-١٨ |
| **کرانەوەی کلتور لە ڕووی ڕۆشنبیری** | ١٩-٢٠ |
| **کرانەوەی کلتور لە رووی هزری** | ٢٠ |
| **ئەنجام** | ٢١ |
| **سەرچاوە** | ٢٢-٢٣ |

## پێشەکی

هەموو نەتەوەیەک خاوەن کلتوری خۆیەتی کە لەو ڕێگایەوە لە نەتەوەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، هەموو شێوەکانی هونەر "میوزیک، گۆرانی، شانۆ، شێوەکاری، جلوبەرگ، هونەری بیناسازی، ئاستی پەیوەندی کۆمەلآیەتی، ئاین و هۆشیاری، تێڕوانینی هاوبەشی بەشێکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵگە، مێژوو، دابونەریت، شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ و چەندین شتی دیکە، دەبنە کلتوری نەتەوەیەک، هەموو ئەم کردارانەی ئەندامانی کۆمەڵگە ئەنجامی دەدەن، دەبێتە پێناسەی کلتوری کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی نەتەوەیەک بناسین لە کلتور و شێوازی ژیانیان دەستپێدەکەین، کردارەکانیان پێمان دەڵێن ئەم گەلە خاوەن چ جۆرە کلتورێکن، ئاستی بیرکردنەوە و مامەڵەکردنیان و هۆشیارییان چۆنە، هاوکات جلوبەرگ یەکەم شتە کە سەرنجی کەسێکی بیانی ڕادەکێشێت و لەوێوە هەوڵدەدات بزانێت ئاستی بیرکردنەوە و شێوازی ژیانی خەڵکەکە بناسێت. لێرەدا شیعرەکانی فایەق بێکەسمان بە نمونە وەرگرتووە، کە ڕەنگدانەوەی کلتور لە شیعرەکانی فایەق بێکەس دەردەکەوێت، لە پوختەی باسەکە زیاتر دەچینە نێو بابەتەکەو هێنانەوەی نمونە و ڕەنگدانەوەی کلتور لە شیعرەکانیدا دەستنیشاندەکەین.

### ١.ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ئەم باسە بە ناونیشانی (کرانەوەی کلتور لە شیعری نوێی کوردیدا (فایەق بێکەس) بە نموونە هەوڵدانێکە بۆ ڕوونکردنەوە و دەستنیشانکردنی کلتور لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا و کرانەوەی لەگەڵ کلتورەکانی تر بخرێتەڕوو.

### ٢. هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

ئامانج لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەوەدایە پیشاندانی ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی چ پێشتر لە ڕووی مێژووییەوە، چ لە سەردەمی هاوچەرخدا بایەخ و گرنگی بە مەسەلەی کلتور و پێکەوە ژیان دراوە لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، بێ ئەوەی ئەو ناو زاراوەی بۆ بەکارهێنرابێت، لەم سەردەمە یاسا نەبووە تا بەهۆی یاساوە پارێزگاری لە کۆمەڵە جیاوازەکان بکات، بەڵکو سروشتی کۆمەڵگای کوردی لە ڕووی ئایین و نەژاد و نەتەوەو ڕەگەزەوە هەموو جیاوازییەک و کۆمەڵەیەکی فرەڕەنگی لەخۆ گرتووە.

### ٣. پێڕەوی لێکۆڵینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا (هەردوو میتۆدی وەسفی و شیکاری)مان بەکارهێناوە، میتۆدی وەسفی بۆ بەسەرکردنەوە و پێداچونەوەی ڕاوبۆچوونی نوسەرانی بوارەکە لە ڕووی تیۆرییەوە، سودیشمان لە میتۆدی شیکاری وەرگرتووە بۆ تاوتوێکردن و شیکردنەوەی بەشی پراکتیکی توێژینەوەکە.

### ٤.کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە:

کەرەسەی ئەم لێکۆڵینەوەیەبەشێکی زۆری سود لە کتێب و نامە ئەکادیمییەکان وەرگیراوە بۆ نوسینی ئەم باسە، هەروەها لە پاڵیشدا سود لە هەندێک لە سایتە ئەلیکترۆنیەکان و  گۆڤارەکان و هەروەها سەرچاوە عەربی و ئینگلیزیەکان سەرچاوەی پڕ زانیاری بوون بۆ تۆکمە کردنی باسەکە.

### ٥. گیر و گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

گیروگرفتی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە کەمی سەرچاوە بوو لەسەر کلتور و توێژینەوەکە وە هەروەها جیاوازی بیروبۆچونی زانایان لەسەر چەمک و پێناسەی کلتور.

### ٦. ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم باسە لە پێشەکیەک و دوو بەش و پاشەکۆیەک پێکهاتووە

لە پێشەکیەکەدا هۆی هەڵبژاردن و گیروگرفت و کەرسەی لێکۆڵینەوەکە و پەیرەوی لێکۆڵینەوەکە و ئەنجامەکان سەرچاوەوکەرسەی لێکۆڵینەوەکە خراوەتە ڕوو، لە ناوەڕۆکی باسەکە پێکدێت لە دوو بەشی سەرەکی:

بەشی یەکەم پێکهاتووە لە :

چەمک و پێناسەی کلتوررە

رەهەندەکانی کلتورو دواتر جۆرەکانی کلتور و کرانەوەی کلتور لە شیعری نوێی کوردیدا

بەشی دووەم پێکهاتووە لە :

جۆرەکانی شیعری فایەق بێکەس لە ڕووی کرانەوەی کلتور لە شیعری نوێی کوردیدا بە نمونەوە.

## بەشی یەکەم

- چەمک و پێناسەی کەلتور

- ڕەهەندەکانی کەلتور

- جۆرەکانی کەلتور

-کەلتوری کراوە

- کەلتوری داخراو

-کرانەوەی کلتور لە شیعری نوێی کوردیدا

## بەشی یەکەم

## چەمک و پێناسەی کلتور:

کلتور وەک دابوونەریتێکی تایبەت بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو دەبینرێت، هەر کۆمەڵگایەک کلتوری تایبەت بەخۆی هەیە و بەم کلتورە دەناسرێتەوە، کلتور چەمکێکی فرە رەهەندە و لە نێو زانستە جیاوازەکاندا بەپێی تێروانین و بنەماکانی خۆیان پێناسەو لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ کردووە واتە هەر یەکەو لە روانگەی خۆیەوە دەروانێتە کلتور، کلتور گەنجینەی مێژووی میللەتە کە (دابونەریت و ئاین و زمان و ئەدەب و هونەرو جل و بەرگ و کەرسەی ناوماڵ و بابەتەکانی بواری بیناسازی... هتد) [1] دەگرێتەوە، جا ئەگەر کلتور پاشماوەی ماددی و مەعنەوی باب و باپیرانمان بێت و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بگوازرێتەوە ئەوا کلتور (ئەوپاشماوەو میرات و تاقیکردنەوەکانی مرۆڤی رابردوون کە بۆمان ماوەتەوە. زانای بەناوبانگی بەریتانیا بەناوی (ئەدوارد تایلەر) پێناسەی کلتور دەکات کە بە گرنگترین پێناسە دادەنرێت بۆ کلتور، لەلایەن زۆربەی زانایان بە پێناسە بەناوبانگەکە ناوی دەرکردوە، تایلەر لە ساڵی (١٨٨٧) لە کتێبێکدا بەناو( کلتوری سەرەتای)دەڵێت: کلتور بریتیە لەو گشتە ئاڵۆزەی کەزانیاری و بیروباوەرو ئاکارو فەلسەفەو هونەر و هەموو ئەو توانایانەش دەگرێتەوە کە تاک لەکۆمەڵگایەکدا وەریدەگرێت بەوپێیەی کە ئەندامە تێیدا) [2] واتا هەر تاکێک بە پێی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژی کلتورو دابونەریتەکەی وەردەگرێت هەر کۆمەڵگایەک کلتوری تایبەت بەخۆی هەیەو جیاوازە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تر. بۆ ئەوەی واتای چەمکی کلتور بزانین، پێویستە بۆ ئەو واتایە بگەرێینەوە کە لە کۆندا ئەم چەمکە هەی بووە، بزانین کە چەمکی کلتور واتای چیە و چۆن بەکارهاتووە تاوەکو ئەمرۆ، چەمکی کەلتور سەرەتای دەرکەوتنی دەبەسترێتەوە بە ژینگەی کشتوکاڵیەوە، چونکەڕیشەی وشەی culture کە لە زمانی کلاسیک و لە پشت زمانی کلاسیکی لاتینیدا بە مانای کارو کشتوکاڵ و پەروەردە بووە) کلتور وەک چەمکێک پەیوەستدارە بە هەموو بوارەکانی وەک (کۆمەڵایەتی مێژووی ئاینی و ...هتد) بۆیە پێناسەکانیش لەبارەیەوە هاوشێوەن، لە سادەترین پێناسەدا ( داریوش ئاشوری دەڵێت کلتور

---

[1]. ئەرخەوان محمد مجید، دیاردە کلتورییەکان لە(مەم و زین)ی ( ئەحمەدی خانی)دا، نامەی دکتۆرا ز. سلێمانی،٢٠١٤ ، ل ٤

٢. د. محمد شوانی، دەربارەی چەمکی کلتور، گەزەنگ، لقی نوسەرانی کرکوک، ژ ٨ی کانونی یەکەم، ٢٠١٠ل٥٤

ستایلی تێفکرینه) [1] چۆنیەتی بیرکردنەوەی کۆمەڵە مرۆڤێک لە کۆمەڵگایەک جیاوازە لەگەڵ کۆمەڵە مرۆڤێکی تر لە کۆمەڵگایەکی تردا بۆ نمونە کلتوری وڵاتی فەرەنسا لەگەڵ کلتوری وڵاتی ئەڵمانیا جیاوازە هەرچەندە سەربەیەک کیشوەرن، (چەمکی کلتور لەزمانی ئەڵمانی و فەرەنسی (کەڵچەر) لە زمانی ئینگلیزیدا لە بنەرەتدا لە وشەی لاتینی( cultura)ەوە وەرگیراوە، بۆیە دەبینین نوسەرانی نوێی کورد هەوڵیانداوە وشەی (culture) لە ڕووی دەنگەوە تاڕادەیەک وەکو خۆی، بەڵام بە پیتی عەرەبی و شێوازی نوسینەکەشدا هێنا ڕێک نەکەوتوون وشەکانی کەلتور، کولتور، کلتور) [2] بەکاربهێنن، لە هەر زمان و کۆمەڵگایەکدا چەمکی کلتور بە شێوازی جیاواز بەکارهاتووە.

## ڕەهەندەکانی کەلتور :

لەم بەشەدا باس لە ڕەهەندەکانی کلتور دەکەین بە پێیی ئەو باوەڕەی کە لەناو زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگای ئەڵمانی وفەرەنسیدا هەیە لەڕووی داخراویی و کراوەییدا، ڕەهەندەکانی کلتوربریتین لە ( دابونەریت، موزیک و ئەدەب) بە شێوەیەک دەخەینەڕوو تادرک بەو جیاوازی و لێکچونانە بکەین کە لە نێوان کلتوری ئێمە و کلتوری ئەواندا هەیە:

## تەوەرەی یەکەم

### ١. لە ڕووی دابوونەریتەوە

لەم تەوەرەیەدا باس لە دابونەریتانە دەکەین کە هەریەک لە ئێمە وابەستەی دوو کلتورین ئەوانیش (یەکێکیان ستونییە لە باب و باپیران و نەریتەکانی میللەت و کۆمەڵەی ئاینییەوە دێت، ئەوەیتریش ئاسۆییە لە سەردەم و هاوسەردەمانەوە بۆمان دێت، هەندێک لە نوسەران ئەوەی دووەم بە بڕیاردەر و گرنگتر دادەنێن )[3] لە سەردەمی کۆندا زیاتر ڕۆڵە ستونییەکە بەدەر دەکەوێت بەڵام دوای ئەو گۆرانکارییە مەزنانەی ڕوویدابەسەر ژیان و جیهان بە گشتی، ئەوا ڕۆڵە ئاسۆییەکە زیاتر بەکارهات و لە ژیانی میللەت ڕەنگیدایەوەو ڕۆڵە ستونییەکە پشتگوێ خرا.هەر سەبارەت بەم بابەتە ( ئیمیل دۆرکهایم) دەڵێت کە ( تاک، زمان و ئاین و دابونەریت و پێوەرو ئاواتەکانی لەو کۆمەڵەیەوە وەردەگرێت کە لەگەڵیدا تێکەڵ بووە و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، ئەم وەرگرتنەش لە ڕێگای پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتییەوە

---

١. سەرکەوت سەعدی قادر، ڕۆمانی کوردی لەبەرڕۆشنایی تیۆری رەنگدانەوەدا کوردی ناوەراست ( ١٩٨١- ١٩٩١ )ن. دکتۆرا، ز.سەلاحەددین، ٢٠٢٣، ل ٢٣٣

٢ .ئەرخەوان محمد مجید، دیاردەکلتورییەکان لەمەم و زین)ی ( ئەحمەدی خانی)دا، ل٥.

٣. امین معلوف، الهویات القاتلة قراءة فی الانتماء العولمة، ترجمة نیل محسن، وردللطباعةوالنشر، دمشق، ٩٢

دەبێت لە خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگای ناوەخۆیی ) [1] واتا هەر تاکێک لەو کۆمەڵگاییەی کە لێی دەژی دابوونەریت وەردەگرێ و فێریان دەبێت لە نێو خێزان و قوتابخانەدا. دابونەریت لە کۆمەڵگای کراوە و داخراودا ڕەنگیداوەتەوە بەڵام بە جیاوازی کلتوری ئەم دوو کۆمەڵگایە، گەلێکی وەک ئەڵمانیا ئەقڵانییەت چەمکێکە دەگونجێت لەگەڵیدا، ئەقڵانیەتی ئەڵمانی ئاکارێکە لە ئاکارەکانی ناسنامەی نشتیمانی و سیمای جیاکەرەوەی ئەم گەلە، گیانی ئەڵمانی ڕەگەکەی بۆ تەسەوفی پرۆستانتی دەگەڕێتەوە، کە نقوم بووە لە یەکێتی ماڵی مەسیحیەتی سەردەمی ناوەراست و ئەڵمانیای پاڵەوانیەتەکان، ئەڵمانیا رەفزی دیموکراسیەتی بورژوازی و ئەو هێرشە ئەقڵییانەی داوە کە لە دەرەوە هاتوون، ئەو فەزایە ڕۆژئاواییەی کە بانگەشەی شارستانیبوون و ئازادبوون دەکات، دەیانەوێ ئەڵمانی دابماڵێنن لە راستی و بیر و گیانەکەی. ئەڵمانیەکان زۆر گرنگی بە لایەنی جوانکاری نادەن بەڵکو پێیان وایە ئافرەت تەنیا خاوەنی ئەو جوانیەیە کە خۆی هەیەتی، هەر یەک لە وڵاتانە دابونەریتی جیاجیای هەیەو تایبەتە بە خۆیان، هەروەها کۆمەڵگای فەرەنسی رۆڵی هەبوە لە کرانەوەیان بەدەم کلتورەکانی تر لە ڕووی خوێندەوارییەوە، گەلی فەرەنسا گەلیکی خوێندەوارن و بایەخ دەدەن بە کتێب و نوسین هەموو جۆرە نوسینێک بە جیاوازی میللەت و نەژادەکان، واتا فەرەنسا گرنگی بە هەموو جۆرە کتێب و نوسینێک دەدات ئەگەر لە وڵات و نەژادی جیاوازیش بێ گرنگی بە هەموو جۆرێک دەدات بێ جیاوازی.

### تەوەرەی دووەم

### ٢.ڕووی گۆرانی و موزیکەوە

بەهۆی موزیک دەگەین بە هونەری خودی، چونکە وەرگێڕانی هەڵچوونەکانی دەروون و ڕەنگە جیاوازیەکانیەتی دەنگ تێیدا بەکاردێت، بەڵام وەک رەمزێک وایە لە دروستکردنی بینایەکدا، ئەم بیرکردنەوە لەم گۆشە نیگایەوە هەڵقوڵاوە بۆ ئەوەی نەتەوەکان سەربەست بژیین پێویستە ئیرادەی دەرخستنی ڕەسەن بوونی هەبێت و بۆ ئەوەی بەراستی خۆمان بین و لایەنە ڕەسەنەکانی بونمان بدۆزینەوە، بەنرخترین و بەهاترین موزیکیش، موزیکی کلاسیکی بوو کە تاوەکوو ئەمڕۆش ڕۆڵ و بەهاکەی لە دەست نەداوە و چەندین قوتابی و مامۆستای ئارەزوومەندی موزیک دەست بۆ ئەو کارانەدەبەن کە لەماوەی کلاسیکدا ژەنراون وتوانای خۆیان بە ژەنینی پارچە موزیکەکان تاقی دەکەنەوە، کلتوری ئەڵمانیا گۆرانیەکی فۆلکلۆری هەیە چەند جارێک هیتلەر ئاماژەی پێداوەو گوتویەتی : [2]

مایس وا هاتەوە، درەختەکانیش دەپشکوون

---

١. علي اسعد بركات الاجتماع، مكان، جامعة الشام، ٢٠١٩، ل. ٥٤.

٢.نەورۆز فاروق احمد، فرەکلتوری لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، ز.سەلاحەددین، ٢٠٢٣، ١٢١

گەر حەزت لێیە، لەماڵەوە

لەگەڵ ترسەکانت بمێنەوە

هەروەک چۆن هەورەکان دەگەرێن

لەنزیک رەشماڵی ئاسماندا

ئاواش ئەقڵم راوەستاوە

بەرامبەر بە جیهانی فراوان

باوکی ئازیز، دایکی ئازیز

خوا بتانپارێزێت

کێ دەزانێت لەکوێ

بەختم گەش دەکات

زۆر شەقام هەیە

بەسەریدا نەرۆیشتوم

لێرە هەست بە تامەزرۆیی تاقیکردنەوەی هەنگاوی تازە دەکرێ لە ژیان و پێکهاتەی ئەڵمانیدا، ترسەکان بەلاوە دەنێن بۆ گەیشتن بە ئاواتی وڵاتەکەیان هەرچی موزیکی فەرەنسیە، چەندین بەرهەمی گرنگی ئۆپرا و موزیکی لیری باروک ئەنجام دراوە لەلایەن فەرەنسیەکانەوە، موزیکی فەرەنسی لە سەدەی دەیەمەوە درێژەی کێشاوە تاوەکوو ئەمرۆ، موزیکەکەیان بە شێوازێکی یەکگرتووبنیات نرابوو، لە باشووری فەرانساگۆرانی وەک ئامرازێکی گشتی بەکارهاتووە بۆ دەربڕینی هەستەکان و وە شێوەیەکی گرنگ بوو لە شێوەکانی کات بەسەر بردنی میللی، وشەی زۆر ئاسانیان بەکاردەهێناکە نەخوێندەواریش لە وشەکان تێدەگەیشت بۆ نموونە گۆرانیەکی فەرەنسی هەیە کە ووەک فۆلکلۆر ماوەتەوە وشەکانی سادەن میللەت لێی تێدەگات و وە بەژداری لە گوتنەوەی دەکەن.

با کاربکەین بۆ

ڕزگاربوونی ئیمپراتۆرییەت

با گەرەنتی پاراستنی یاساکانمان بکەین

ئەگەر ستەمکاری پلان بگێرێت،

پلان دەگێرن بۆ کەوتنی پاشاکان

ئازادی، ئازادی،

با هەموو مرۆڤێک ستایشت بکات

مردن نەک کۆیلەیی

ئەمە دروشمی فەرەنسیەکانە

زانایانی موزیکی فەرەنسی، موزیکی تەقلیدی یان نەژادی بە باشتر دەزانن و بەکاریدەهێنن کەلەپووری گۆرانی میللیان دەوڵەمەندە.

## جۆرەکانی کلتور

کلتور لەرووی پێکهاتن و شێوازەوە بەسەر دوو جۆری سەرەکی دابەش دەکرێت تایبەت بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو کە بریتیە لەمانەی خوارەوە.

## یەکەم کلتوری کراوە

لە کۆمەڵگای کراوەدا ئادەمیزاد لە ژێر سێبەری کلتورێکی کراوە دەژیت، کە هیچ سنورو بەربەستێکی تیانیە تەنها لە تەسکترین بواردا نەبێت، ئەم کراوەییەش هیچ سنورێکی نیە بۆ هەموو ئازادیەکی سیاسی و شارستانی و وشەی کۆتایش بۆ یاسایە، کە ئیرادەی گەل پێش هەموو ئیرادەیەک دادەنێ و هیچ دەروازەیەکی ئەم کلتورە داناخات بەڵکو ڕەنگە کاریش بکات بۆ فراوانکردنی دەروازەکانی کارل پوپەر دەڵێت: (ئەگەر هاتوو خۆزگە بخوازین بەوەی بە ئادەمیزاد بمێنیەوە، تەنها یەک ڕێگەهەیە، ئەویش ڕێگەی کۆمەڵگای کراوەیە) [1] واتە لێرەدا تاکەکانی نێو کۆمەڵگا ڕۆڵی کارا و بەرچاو دەگێڕن لەبابەت و کێشەکاندا توانای ڕووبەڕوو بونەوەشیان هەیە بۆ هەرچ بڕیارێک کە لەلایەن دەسەلاتداری تاکەکەسەوە دەردەچێت و بەو کۆمەڵگایە و کلتورەی وەسف دەکات کە فرەییە، ئازادی تیا زاڵە، ئەقڵگەرایی رەخنە گرانە زاڵە بەسەر ئاراستەکەی،

١.م.د محمد هاشم رحمة البطاط، المرتكزات الفكرية السياسية للمجتمع المفتوح عندكارل بوبر، مجلة العلوم السياسية، ٢٠٢٠.ص١٤٨

هەروا بە ئاسانی ڕازی نابێت بە پێدراوەکان بەبێ گفتوگۆ و قوڵ بوونەوە، هەروەها بەژدارییەکی کارا و ئاڵوگۆر هەیە سەبارەت بە بارودۆخی سیاسەتی گشتیەوە، چونکە ئەندامێکی زۆر تێدەکۆشن بۆ بەرزبونەوەی کۆمەلایەتی و شوێنگرتنەوەی ئەندامەکانی تر.بێگومان ئەمەش ئاماژەیە بۆ دیموکراسیەت و ڕادەستکردنی دەسەلات بەشێوەیەکی ئاشتیانە دوور لە میکانیزمەکانی توندوتیژی یاخود هەروەک پوپەر دەڵێت: بنەمای ڕەوشتی بۆ دیموکراسیەت شێوەی ئەو دەوڵەتەیە کە ڕێگە بە لادانی دەسەلاتێک دەدات بەبێ خوێنڕشتن پوپەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم جۆرە کۆمەڵگایە لەگەڵ کۆمەڵگای داخراو لە زۆر کێشەدا جیاوازن بەلام لە هەمووان دیارتر ئەم دووانەی خوارەوەیە:

١- لە کۆمەڵگای کراوەدا ئەگەری کفتوگۆی ئازاد هەیە و ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە سیاسەت و بابەتەکانیدە.

٢- بوونی دەزگای کارا لە کۆمەڵگای کراوەدا و ئامانجی پاراستنی ئازادییە و نوێنەراییەتی دەسەلاتی دەوڵەت وهێزەکەی دەکات، ئامانجیش پاراستنی هاونیشتمانیانە لە دەسەلاتی زۆرداری، هەرچەندە کۆمەڵگا کراوە بێت ئەوەندە ئەگەری ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاڵۆزی زیاتر دەبێت )[1] لە کۆمەڵگای کراوەدا لێبوردەی و ڕێزگرتن لە ژیان و موڵک و ماڵ و ئازادی دەربرین و سەروەرییبونی یاسا و بابەتی لەم شێوە گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە.

### دووەم ـ کلتوری داخراو

کۆمەڵگاکان لەسەردەمی نوێدا یا کراوەن یا داخراون، بەپێی ئەو کلتورەی باوە لەنێو کۆمەڵگاکە، ئەمەش نەک تەنها ئاراستە جەماوەرییەکەی دیاریدەکات بەڵکو سیاسەتی گشتی ودارشتنی یاساییەپێویستیەکانیش بۆڕێکخستنی کۆمەڵگا دیاریدەکات. ( هێنری بیرگسۆن) کۆمەڵگا بە سیستەمێکی ئاینی یان یاسایی داخراو وەسف دەکات و ( دوو هۆکار دیاریدەکات کە کار لە کۆمەڵگا دەکات ئەویش بریتیە لە: ڕەوشت و ئاینە، ئەم دووانەش بەهۆی دوو پاڵنەرەوە کار لە کرانەوەی یا داخراوی کۆمەڵگا دەکەن کە بریتیە لە: ئیلتیزامی ڕەوشت و ئاواتی ڕەوشتیە، هەریەکەیان لەسەر یەک گەشە دەکەن، ئەوەی یەکەمیان وەک جۆرێک لە فشارکردن کاردەکات و جوڵەیەک داخران بۆخۆی ڕادەکێشێ و نمونەیەکی داخراوی کۆمەڵگا یا کۆمەڵە پێکدەهێنێت و

١. كارل بوپر، في الحرية والديمقراطية، ترجمة عقيل يوسف عيدان، الطبعة الأولى، الكويت، مركز الحوار للثقافة، ٢٠٠٩، ص٧

جێگیریشە بۆ ئایین، هەرچی ئاواتی رەوشتە جوڵەیەکی دەرەکییە سەربەخۆو جیابووەوەیە، تۆی کرانەوەیی و گیانێکی دینامیکیانەی لە ناوخیندا هەڵگرتووە) [1]

بۆیە رەوشتەکانی کۆمەڵگای داخراو کۆمەڵی ڕیسا و بالانس و ڕاگرتن و فشارە، کە بەدوای تاک دەبێت و لە تەکیا دەبێ لە ڕێگای لابردنی گۆرانکارییە گەشە پێدراوەکان، لە رووی ئاینیشەوە کۆمەڵگای داخراو مەیلی ڕاکێشانی بەرەو شێوەیەکی جێگیری باوەڕەوە دەچێت،پەیوەندی توندوتۆڵی کلتور بە شوێن و خاک ناسنامەی تایبەت بەخۆی دروست دەکات، (ڕۆناڵد بیترسۆن) پێیوایە ( هەر کلتورێک لە چوارچێوەی سنورێکی داخراو تایبەت بەخۆی و بەبێ دەست تێوەردانی دەرەکی، ناسنامە دروست دەکات، لێرەدا ئەندامانی گروپێکی دیاریکراو ناسنامەی تایبەت بەخۆیان دەبێت کە ئەویش بەرهەمی پێشینەی مێژووی ئەم کلتورەیە) [2]خاوی و هێواشی، گۆرانکاری لە کلتوردا لەلایەن چەند نوسەرەوە لە، بۆیە وا پێدەچێت هەندێ لە جۆرەکانی کلتور بە تایبەتی بە هۆی نەریتەوە بەرەنگاری گۆرانکاری دەبێتەوە، مانەوەی ئەم نەریتانە لەوانەیە بۆ چەندین هۆکار بگەڕێتەوە هۆکارەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە

١. ئەو بیروباوەڕانەی کە دەربارەی بەختە، تابوو، هەندێ هێمای دیاریکراو یاخود خەملاندن بن. ئەم نەریتانە مەرج نیە سودی کۆمەڵایەتی هەبێت بەڵکو لەوانەشە زەرەری هەبێ وەک بەکارهێنانی گژو گیا و ڕەگ و چاندنی بەروبوم بەپێی نیشانەی ئەستێرەکان، لەوانەیە خراپ بن بەڵام لەبەر ئەوەی سودێکی دیاریکراوی هەیە پارێزگاری لێ دەکەن هەروەک ئەو نەریتەی،کە لەنێو هەولێریەکاندا باوبوو لەکاتی توشبونی منداڵ ی کەسێکی گەورە بە کۆخەیەکی توند، چوارشەمان دەچوون بۆ ( کەندەکۆخ) کە هەر لە ناو هەولێرە بۆ چاکبونەوەی نەخۆشەکان، یاخود بۆ درێژ بونی قژ باوەڕیان وایە سێ چوارشەمان لەسەر یەک تۆزێ لە قژ ببردرێت دەبێتە هۆی درێژبوون.

٢. هۆکارێکی تری سستی گۆران لە کلتوردا بۆ ئەو دژایەتیە تەقلیدیە دەگەڕێتەوە کە رەگی داکوتاوە لە عورفەکاندا لە نێو هەندێ میللەتاندا بەرامبەر بە تازەگەری، بەتایبەتی ئەو کلتورانەی سادەن، سەرباری ئەوەش تاقیکردنەوەی زۆر بە متمانەترە لە زانین، هەروەک ئۆگست کۆنت رایگەیاند بوو کە ناکرێ لە هیچ وێناکردنێک (تصور) بکەی تەنها لە ڕێی مێژوەکەی نەبێت بۆ ئەم مەسەلەیەش لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا وا باو بوە، کە پیاو نابێت لە رۆژی سێشەمەدا پرچی

---

١. keith ansell pearson & john mullarkey, henri Bergson Key writing , translated by Melissa Mcmahon first published , ٢٠٠٢

٢.یوسف حسن حسین، کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر کلتور، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، ز. سەلاحەددین، ٢٠١٤، ل ٣٦

بتراشێت چونکە دەبێتە مایەی بەختێکی خراپ هەندێک جاریش مردنی کەسێکە، بۆیە بە کارێکی چاک دانانرێت ،تارادەیەکیش خاوەن سەرتاشخانەکان گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە لەم ڕۆژەدا شوێنی کارکردنیان دادەخەن.

٣.ڕەگەزی ترس هۆکارێکی تری دەروونیە لای ئادەمیزاد کەوای لێدەکات مەیلی بەرەنگاربوونەوەی گۆرانکاری هەبێت بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی کە زیاتر نەزانن بۆیە بەرز ڕاگرتنی ڕابردوو، بۆ ترس و نەزانین دەگەڕێتەوە، هەروەها هاوکات لەگەڵ تاقیکردنەوەی ئەگەر حاڵەتێکی مردن یان کارەسات نەحۆشی رووبدات ئەوا ئەوکات پەیوەست دەبێت بە هۆکارو ئەنجام دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێزتر بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو گۆرانکارییە.

## کرانەوەی کلتور لە شعری نوێی کوردیدا

ئەگەر ئاورێک بدەینەوە لە مێژووی ئەدەبی کوردی و چاوخشانێک بکەین بە بەرهەمی شاعیرانمان چونکە مێژووی ئەدەبیمان بە شیعر دەست پێ دەکات هەروەک میللەتانی تر،ئەوا چەند شاعیرێکی کوردمان بۆ دەردەکەوێ کە بە دێرێک یان چەند دێر ئاماژەیان بۆ ئەو جیاوازی و هەمەرەنگیە کردووە کە لە ژیاندا هەیە و هیچ میللەتێک شانازی نەکات بەسەر میللەتێکی تر، هیواو ڕێگا چارەیان دەستنیشانکردووە بۆ بەردەوامبون و پێکەوە ژیان لە ڕێرەوی ژیانی گشتی مرۆڤایەتیدا. واتە ئەم شاعیرانەی ئاماژەیان پێ دەکەین زاراوەی فرەکلتوریان نەهێناوە بەلکو ناوەخن و مەبەست و بەهای ئەم حاڵەتە کلتورەیان خستۆتەروو. ئەو شاعیرانە کە بە دێرێک یان چەند دێرێک تیشک و رووناکیەکیان بۆ ئەم مەبەستە پێکاندووە لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێک لە شعری شاعیران دەکەین.

نالی دەڵێ:

عاشقی صونعی حەقم، قوربانی رەنگی قودرەتم

چاوی ماوی، خاڵی شین، کوڵمی سپی، زولفی سیا (١)

لەم شیعرەدا شاعیر سەرسورماوی و عەشقی خۆی بۆ دروستکراوی خوا دەرخستوە، لەو ڕەنگانەی کە لە ئادەمیزاد دا هەیە، ئەویش لە رووخساری ئافرەتی کۆکردۆتەوە، ئەو هەمەرەنگییە جوانی دەردەخات لە ڕەنگی قاوەی، شین، سپی، رەش.

---

١. دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، بەغداد، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، ١٩٧٦، ل ١٢٩

لە شوێنێکی تردا سۆزی خۆی دەردەخات کە یارەکەی لێ جودا نەبێتەوە و دوور نەکەوێت و توشی داوی هیجرانی نەکات جا یارەکەی لە هەر چ نەتەوەیەک بێ گرفت نیە لەلای تەنیا مەبەست یارەکەیەتی:

مەمخەرە هاوییەی هەوڵی فیراق

دەستی من دامەنێ تۆ رۆژی قیا

گێل ئەگەر تورکی، تعال ئەر عەرەبی

بێ ئەگەر کوردی، ئەگەر فورسی بیا [١]

هەرچی حاجی قادری کۆیی یە ئەوا باس لە رێککەوتنێک کە جیاوازی نەبێت لە نێوان چینی بەرز و نزم، لەبەر ئەوەی ئەو نایەکسای ڕوانینە مایەی کێشەیە بۆ ژیان :

لەم بەیینە ئیتفاقێ پەیدا بکەن بە مەردی

فەرقێ نەبێ شوان و جوتیار و میر و گاوان [٢]

وە عەبدوڵا گۆران نمونەیەکی دیارە لە شیعری کوردیدا وە هەمیشە کە سەیری شیعرەکانی دەکەین و دەیانخوێنینەوە دوو لایەنی دیار بەدەردەکەون، جوانی و سروشت لەگەڵ ئازادی و مافی تاک، سەبارەت بە بەردەوامی و پێکەوەژیان بوونی مرۆڤەکان لە ڕووی نەتەوەو نەژادەوە دەڵێت:

برای عەرەب

بمانەوێ براییمان

میوە شیرین بچنێ لە دار

بمانەوێ ئازادیمان

گوڵ بگرێ وەک باخچەی بەهار

١. دیوانی نالی ، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ، بەغداد ، چابخانەی کۆری زانیاری کورد، ١٩٧٦، ل ١٢٩

٢. دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، سنة انتشارات کردستان، ٢٠١٧، ل ٩٥

بمانەوێ هەموو کاتێ

ئەمساڵمان چاتر بێ لە پار

ئیتر هەرگیز نەمانگاتێ

دەستی تاوانباری زۆردار

ئەبێ بەرەو ئاسۆی رووناک

ڕێی راست بگرێ نیاز پاک [١]

لێرەدا شاعیر ئاماژە بە پێکەوە ژیان دەکات لە نێوان هەموو نەتەوەکاندا بەبێ جیاوازی و هیچ نەتەوەیەک خۆیان نەسەپێنن بەسەر هیچ نەتەوەیەکی تردا هەموو نەتەوەیەک کلتوری تایبەتی خۆی هەیە بەڵام لە کاتی ئیستادا دەتوانین بە ئاسانیی کلتوری یەکتر وەربگرین واتا دەتوانین خۆمان لەگەڵ کلتوری میللەتانی تر بگونجێنین ئەمەش بە واتای کرانەوەی کلتور دێت.

١. دیوانی گۆران، کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پێشەکی و پەراوێز نوسین محمدی مەلا کەریم، بەغداد، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، ١٩٨٠، ٣٢٣

**بەشی دووەم**

کرانەوەی کلتور لە شیعری فایەق بێکەس

- کرانەوەی کلتور لە رووی سیاسییەوە

- کرانەوەی کلتور لە رووی کۆمەڵایەتی

- کرانەوەی کلتور لە رووی پەروەردەی

- کرانەوەی کلتور لە رووی رۆشنبیری

- کرانەوەی کلتور لە ڕووی هزری

**بەشی دووەم:**

## کرانەوەی کلتور لە شیعری فایەق بێکەس:

فایەق بێکەس چەندین شیعری نوسیوە، کە جگە لە زمانی کوردی زمانی عەرەبی و فارسی و تارادەیەک ئینگلیزیشی زانییوە، بەتایبەت لە زمانی عەرەبی دەستێکی باڵای هەبووە، چەندین شیعری نوسیووەلە (رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەی و هزری و رۆشنبیری و هید...) لێرەدا کۆمەڵێک شیعری فایەق بێکەس دەخەینەڕوو کە کرانەوەی کلتور لە شیعرەکانیدا دیارە.

### ١. کرانەوەی کلتور لە رووی سیاسییەوە

شیعری سیاسی بایەخێکی گرنگی هەیە لە شیعرەکانی فایەق بێکەسدا، لە زۆر شیعرەکانیدا بەڕوونی هەست بە لایەنی سیاسی دەکرێت، چونکە ئەو سەردەمەی فایەق بێکەس لێی ژیاوە لایەنی سیاسی دەورێکی گرنگی هەبووە، یەکێک لە شیعرەکانی فایەق بێکەس لەڕووی سیاسیەوەیە، بە سۆزو دەروونێکی بەجۆشەوە دەڵێت:

ئەی وەتەن مەفتونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە

وەختی بەندیی و ئەسارەت، پێ بەتەوق و کۆتەوە

من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم وا تێ نەگەی

حەپس و تێ هەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە

بەو خوایەی بێ شەریک و لامەکان و واحیدە

عەشقی تۆ نەوعێ لە دڵما ئاگری کردۆتەوە

ئاگرێکی وا هەزار ساڵ ئاوی برژێنیتە سەر

قەت گڕ و گڵپە و بڵێسەی تا ئەبەد نەکوژێتەوە

باسی مەحزوونی و کەساسیی خۆت نەکەی توخوا وەتەن

چونکە بەو باسە برین و زامەکەم ئەکولێتەوە [1]

فایەق بێکەس ئەم شیعرەی لە بەندیخانەدا نوسیوە کە تێیدا باس لە کۆیلایەتی خۆی و نیشتیمانەکەی دەکات، باس لەو خۆشەویستیەی دەکات بەرامبەر نیشتیمانەکەی، ئەو نیشتیمانەی ئەوی تێدا گۆش کراوە لەژێر باری چەوسانەوەی دوژمن دایە، فایەق بێکەس هەمیشە لە هەوڵی حەسانەوەی میللەتەکەی دا بووە، هەر کات میللەت حەسابابییەوە خۆی بە حەساوە زانیوە.

## ٢. کرانەوەی کلتور لە رووی کۆمەڵایەتی

گەر سەیری شیعرەکانی فایەق بێکەس بکەین و لێی ورد ببینەوە، تەواوی شیعرەکانی لەگەڵ سەردەمی ئیستادا گونجاوە کە لە سەردەمی خۆیدا ئەم جۆرانە کەم بووە، بێکەس یەکێک لە شیعرەکانی باسی لایەنی کۆمەڵایەتی دەکات لە نێوان میللەتی کوردا چەندین جیاوازی و نایەکسانی دەبینرێ لە نێوان مرۆڤەکاندا، شیعرەکانی فایەق بێکەس لەگەڵ واقعیەتی کۆمەڵگادا گونجاوە، بۆیە فایەق بێکەس لەم بارەیەوە دەڵێت:

سەرم سوڕماوە نازانم چ شەخسێ بێ غەش و چاکە

لەناو ئەم قەومەدا کێیە لەگەڵ هاوجینسی خۆی پاکە

لەلام وا باشە ئێستاکە بەکەس پشتێ نەبەستی تۆ

لە خزم و دۆست و ئاشنایان هەتا ئەتوانێ هەر ڕاکە

ئەگەر پارەت نەبێ بەخوا هەزار خزمت ببێ پەشمە

کە پارەت بوو هەموو عالەم براتە و پێت ئەڵێ کاکە

کەس و کارت وەکوو مارن، ئومێدت هیچ نەبێ پێیان

لەژێر سایەی ئەوان دەرچۆ برادەر خۆتی لێ لاکە

بەڕەنجی خۆت لە دنیادا بژی ئازاد و سەربەست بە

---

١. دیوانی فایەق بێکەس، کۆکردنەوەو ڕێکخستن و ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، سنة اتشارات کردستان، ل.٤٤ ٢٠١٧

هەموو کەس پێت ئەڵێ مەردە و کوڕێکە چوست و چالاکە[1]

لێرەدا شاعیر هەوڵی هۆشیارکردنەوەی تاک و پێشخستنی کۆمەڵگا دەدات، هەمیشە هەوڵی هاندانی مرۆڤەکانی داوە کە پشت بە هیچ کەسێک نەبەستێت و متمانە بە کەس نەکات چ دوور چ نزیک، چونکە ئەو تیرەی لەلای نزیک پێت دەکەوێت لەلای کەسانی دوور پێت ناکەوێت، فایەق بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی کە شیعرەکانی لە سەردەمی خۆیداگوتووە بۆ بەرەوپێشچون و هۆشیارکردنەوەی میللەت، گەر بەراوردی ئەم شیعرە بکەین بە سەردەمی ئیستاو ئەو سەردەمەی فایەق بێکەس لێی ژیاوە، لەگەڵ واقیعیەتی ئیستادا زیاتر گونجاوە، خیانەت و دووڕووی لەم سەردەمە زیاترە لە چاو ئەو سەردەمەی فایەق بێکەس لێی ژیاوە، بێکەس لە زۆر کەسانی ئەم سەردەمە تێگەیشتوترو مۆدێرن تر بووە.

### ٣. کرانەوەی کلتور لە رووی پەروەردەی

هەروەها فایەق بێکەس چەندین شیعری بۆ منداڵان نوسیوە، بێکەس وەک یەکەمین شاعیری کورد زۆرترین شیعری بۆ منداڵان نوسیوە، منداڵ لای فایەق بێکەس وەک بەفری دەست لێنەدراو وایە و هێشتا چڵکی ڕۆژگارو دەستی زەمانە پیینەگەیشتوە، هەرچی پێشکەوتن و تازەگەری و ئازادی و خۆشەویستی نیشتیمان بە زمانی منداڵان باس دەکات، یەکێک لە شیعرەکانی بۆ منداڵان بەناوی شوانی مەرەکان نوسیوەو دەڵێت:

شوان:

مەڕەکانم چەند جوانن

چەند بەکەڵک و بەسەزمانن

بڕۆن... بڕۆن... بۆ ئەو لایە

زۆر لەوەڕی چاکی تیایە

مەڕەکان:

لوورەی گورگێ دێتە گوێمان

نزیک کەوتۆتەوە لێمان

---

١. دیوانی فایەق بێکەس، سنة اتشارات کردستان، ل.١١٥

ئەگەر تۆ زوو نەگەی پێمان

ئەو بەدخووە دێتە ڕێمان

شوان:

لە لوورەی ئەو هیچ مەترسن

ئەگەر لەو گورگە ئەپرسن

وا ڕای کرد ملی شکان

«بازە»ی دی، ڕۆیی، تێی تەقان

مەڕەکان:

بەهارمان هەر بۆ بمێنێ

خودا تۆمان لێ نەسێنێ

لە چاکەی تۆ هەر دەرناچین

هەتا مردن گەردن کەچین

شوان:

تاریکی داهات و شەوە

جا نۆرەی دۆشین و خەوە

ئەوا ئەمڕۆشمان تێ پەڕان

بچینەوە بۆ دێکەمان[1]

لەم شیعرەدا بێکەس بەزمانی منداڵان باس لە داگیرکەری وڵات و نیشتیمان دەکات، مەبەستی لەم شیعرەدا ئەوەیە گەر وڵات سەرکردەیەکی دڵسۆزی هەبێ، دەتوانێ نیشتیمان لە دەمی گورگی برسی ڕزگار بکات، بێکەسیش بەم شێوەیە بۆ منداڵان دەخاتە ڕوو.

١. دیوانی فایەق بێکەس، سنة انتشارات کردستان، ل.٢٣٢

## ٤.کرانەوەی کلتور لە رووی رۆشنبیری

فایەق بێکەس یەکێکە لەم شاعیرانەی شیعری لە رووی رۆشنبیری نوسیوە، لە سەردەمی فایەق بێکەسدا نەخوێندەواری زۆر بوە، ئەوکات خوێندەوارو رۆشنبیرەکان تەنیا شاعیر و مەلاکان بوون، وە بە یەکەمین شاعیر دەناسرێ کە داوای کۆمەڵایەتی بەرامبەر ژن و پیاو دەکات، پێی وایە تا ژن و پیاو وەک یەک بەژدارنەبن مەحاڵە کۆمەڵگا لە بواری کۆمەڵایەتی و بوارەکانی تریش سەرکەوتوو ڕزگاری نابێت، تەنانەت لەم سەردەمەی بێکەس باس لە یەکسانی ژن و پیاو دەکات، ئەم یەکسانیە هەر بوونی نەبووە، بگرە ڕەگەزی مێ لە زۆربەی مافەکانی خۆشی بێبەشکراوە، بۆیە فایەق بێکەس دەڵێت:

نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە

گیرۆدەی بەندی، ژیانت زوڵمە

وا من پێت ئەڵێم چونکە لەسەرمە

هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە

ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانە

عالەم شەو و ڕۆژ وا لە فرمانە

فەرقی نێر و مێ نییە بیزانە

هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە

خشڵ و جوانیی تۆ حەیا و فێربوونە

پاشەڕۆژیشت هەر بەوان ڕوونە

کچی بێ عیلم دیل و زەبوونە

هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە[1]

لێرەدا مەبەستی بێکەس نەسرین تەنیا تاقە کەسێک نیە، بەڵکو مەبەستی بێکەس تەواوی ڕەگەزی مێ دەگرێتەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا، وە پێی وایە کە شارستانیەت لەسەر باڵی نێر و مێ بەرەو ئاسمان پێشدەکەوێت، کەواتە ئافرەتان پێویستیان بە خوێندن و عیلم و زانینە لە نێو کۆمەڵگادا تا لە رووی رۆشنبیریەوە پێشکەون و سەرکەون.

**٦.کرانەوەی کلتور لە رووی هزری**

یەکێکی تر لە شیعرەکانی بێکەس لە ڕووی هزریەوەیە، شاعیر هەمیشە هەوڵ و ئامانجی بۆ بەرەوپێشچون و کرانەوەی زیاتری ژیانی مرۆڤەکانە، بۆیە بەردەوام لە شیعرەکانیدا، ئەو پەیامە بڵاو دەکاتەوە، کە تەنها هزرە، کۆمەڵگا پێش دەخات، بۆیە دەبێت مرۆڤەکان هۆشیاربکەینەوە، بە ئاراستەی گرنگیدان بە هزرو بنەما هزریەکان، بۆیە شاعیر لەم شیعرەدا دەڵێت:

ئەوروپا پاپای تەمێ کرد، دەستی دایە عیلم و فەن

بێ تەلە و کەشتی دروست کرد، دائیمی هەر هەوڵ ئەدەن

قەومی ئیسلامیش مەلا گەر بێت و زوو ئیسلاح نەکەن

دائیمەن مەحکوومی جەهلن سووک و ڕیسوا و ناپەسەن

ئەی مەلا تۆ بی خودا لەم فیکرە کۆنە لابدە

باسی قەبر و مار بگۆڕە، بێرە سەر باسی وەتەن[2]

شاعیر لەم شیعرەدا باس لە تەمێکردنی پاپا دەکات لەلایەن ئەوروپا، کۆمەڵگای کوردی ئەوکات لە ڕووی هزری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەوە لە بارێکی دواکەوتوو دەبووە، بۆیە بێکەس لە ڕێگای ئەم شیعرەوە هانی مرۆڤەکانی ئێمەش دەدات، کە چاو لە ئەوروپا بکەن، کە چۆن پاپایانتەمێکردو دەستیان دایە عیلم و فەن، مەبەستی بوو ئەم پەیامە بگەیەنێت، بدەین، بشێوەیەکی ناراستەوخۆ، هەوڵی نەهێشتنی کاریگەریەتی ئاین بەسەر هزرو تێگەیشتنی مرۆڤەکانەوە دەدات

---

١.دیوانی فایەق بێکەس، سنة انتشارات کردستان، ل.٦٢

٢.دیوانی فایەق بێکەس، سنة انتشارات کردستان، ل.١٣٩

## ئەنجام

لە کۆتای ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتووین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. کلتور هەڵگری ناسنامەی نەتەوە و میللەتەکانە، کلتوری میللەتی کوردیش زیاتر لە دابونەریت و موزیک و ئەدەبدا خۆی بەرجەستە کردووە.

٢.هەرچەندە فرەکلتور زاراوەیەکی نوێیە لە نێو زمانی کوردیدا بەڵام پێشینەی ئەم زاراوەیە زۆر دەمێکە لەنێو کلتورو کۆمەڵگای کوردیدا بوونی هەبووە.

٣.شیعری هاوچەرخ باشترین ڕەنگدانەوەیە بۆ فرەکلتوری، هەرچەندە لای شاعیرانی کوردی وەک: حاجی قادری کۆیی، نالی، گۆران و چەند شاعیرێکی تر بە شیعرەکانیان پێشتر ئاماژەیان بۆ کلتور کردووە.

٤. فایەق بێکەس لە شیعرکانیدا گرنگی بە هەمەچەشنی داوە باس لە هەموو لایەنەکانی ژیان دەکات وەک لایەنی( کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، هزری، پەروەردەی، سیاسی) فایەق بێکەس هەمیشە هەوڵی داوە لە ڕێگای شیعرەکانی تاکەکانی کۆمەڵ هۆشیار بکاتەوە، وە باس لە خۆشەویستی خۆی دەکات بەرامبەر نیشتیمانەکەی و باس لە ئازادی ئافرەت دەکات کە جیاواز نیە لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر لە مافدا.

## سەرچاوەکان

### کتێبەکان

[١].د. محمد شوانی، دەربارەی چەمکی کەلتور، گەزەنگ، لقی نوسەرانی کەرکوک، ژ ٨ی کانونی یەکەم، .٢٠١٠

٢. دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، بەغداد، چابخانەی کۆری زانیاری کورد، ١٩٧٦.

٣. دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، سنة انتشارات کردستان، ٢٠١٧.

٤. دیوانی گۆران، کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پێشەکی و پەراوێز نوسین محمدی مەلا کەریم، بەغداد، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، ١٩٨٠.

٥. دیوانی فایەق بێکەس، کۆکردنەوەو رێکخستن و ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، سنة انتشارات کردستان، ٢٠١٧.

٦. کارل بوپر، في الحریة والدیمقراطیة ،ترجمة عقیل یوسف عیدان، الطبعة الأولى، الكويت، مركز الحوار للثقافة، ٢٠٠٩

٧. امین معلوف، الهويات القاتلة قراءة فی الانتماء العولمة، ترجمة نیل محسن، ورد للطباعة والنشر، دمشق، ١٩٩٩،

## نامەی ماستەر

٨. یوسف حسن حسین، کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر کلتور، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٤.

### نامەی دکتۆرا

[٩]. ئەرخەوان محمد مجید، دیاردە کلتورییەکان لە (مەم و زین)ی ( ئەحمەدی خانی)دا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤.

١٠. سەرکەوت سەعدی قادر، ڕۆمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی تیۆری ڕەنگدانەوەدا کوردی ناوەراست ١٩٨١ـ ١٩٩١، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٢٣.

١١. نەورۆز فاروق احمد، فرەکلتوری لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ز.سەلاحەددین ٢٠٢٣.

**ئینتەرنێت**

keith ansell pearson & john mullarkey, henri Bergson Key writing, .١٢ translated by Melissa Mcmahon, New York, continum, first published, ٢٠٠٢

١٣علي اسعد بركات الاجتماع، مكان، جامعة الشام، ٢٠١٩،

**گۆڤار**

١٤.م.د محمد هاشم رحمة البطاط، المرتكزات الفكرية السياسية للمجتمع المفتوح عند كارل بوپر، مجلة العلوم السياسية، العدد ٥٩، ٢٠٢٠/٦/٣٠.